# کورتەی ژیانی سوارە

کـاك سـوارە، سـاڵی ١٣١٦ی هـەتاوی لـە گونـدی تورجانی بۆکان لە دایك بـوو. خوێنـدنی سـەرەتایی لـە مەکتەبخانەی تایبەت لـە لای مامۆسـتا شـێخ ئەحمـەدی کەس‌نەزانی لە گوندی قەرەگوێز دەست پێکـرد. سـێ کلاسی هەوەڵی ناوەندی لـە بۆکـان خوێنـد، بـۆ تـەواو کردنی ناوەندی دەچێتە تەورێز. سـاڵی ١٣٤١ی هـەتاوی دیپلۆمی لە دەبیـرستانی لوقمان ـــ ی تەورێز وەرگرت. هەر ئەو ساڵە لە تاقی‌کردنـــەوەی زانـــستگەی تـــاران وەرگیـرا و لە زانکۆی حقوقی بەشی قەزایی دەسـتی بـە خوێندن کرد.

سواره، له ساڵی ۱۳٤۳ی هـەتاوی بـۆ مـاوەی شـەش مـانگ لـه بەنـدیخای "قزڵقـەڵا"ی تـاران کەوتـه ژێـر بێڕەحمانـەترین ئەشـکەنجه و ئـازاری سـاواک، بـەڵام پاڵەوانانــه خــۆی ڕاگــرت و شــێعره مەشــهووره‌کەی "سوورەقەڵا، دایکی بەڵا"ی له زیندان‌دا هۆنییەوه.

سواره، دوای ئەوەی له زیندان هاته دەر، خوێنـدنی زانــستگای درێــژه پێــدا و لــه ســاڵی ۱۳٤۷ی هــەتاوی خوێندنه‌کەی تەواو کرد. ساڵی ۱۳٤۶ی هەتاوی له بەشی کوردی ڕادیوی تاران دەسـتی بـه کـار کـرد و بـوو بـه کاربەدەستی دەوڵەت.

ساڵی ۱۳٥٤ی هەتاوی به هۆی تەسادوفـی ماشێن لـه تاران، له نەخۆشخانەی "میساقیه" کۆچی دوایی کـرد و تەرمەکەی هێنراوه گۆڕستانی بنەماڵەکـەی لـه گونـدی "حەمامیان"ی بۆکان.

# وتەیەك

ئەم کتێبە کۆکرانەوە و لێکدانەوەی بەشـێک لـە تاپۆوبوومەلێڵی سوارە ئێلخانیزادەیە. تاپۆوبوومەلێڵ زۆر لەوە زیـاتر و زانـستیانەتر هەڵـدەگرێ کـە لـە سەری بنووسرێ بەڵام لەم دەرفەتەدا هەر ئەوەندە لوا. هیوادارم ئەم کارە ببێتە سەرەتایەك بۆ ئەوەی لێکۆڵەرانی خاوەن بەهرە، پتر بە بەرهەمەکانی ئـەو هونەرمەندە هێژا و قەڵەم ڕەنگینـەدا بـچنەوە. بـۆ ڕێز لێنان لە زەحمەت و ماندوو بوونی ئەو کەسانەی لـە سـەر سـوارە دواون، بەرهەمـەکانیان کراوەتـە

پاشکۆی ئەم کتێبە. هەروەک دەزانن لەسەر کاک سوارە نووسراوە زۆرن، بەڵام من هەر ئەوەندەم بۆ کۆکراوەتەوە.

ڕێز و سپاس بۆ برایان کاک سەلاحەددین ئاشتی، ئەحمەد بەحری، ناسر باباخانی کە یارمەتیان کردم.

محەمەد بەهرەوەر
E.Mail:
mohamad_bahravar@yahoo.com